هەرێمی کوردستانی عێراق
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ٣٤

سالّی/ ٢٠٠٤ – بەرگی سی و چوار

---

چاپی یەکەم/ سالّی ٢٠٠٤

# پێرست:


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٠) خولی گواستنەوە – پێنج شەممە ٢٠٠٤/٢/٥ ل٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤١) خولی گواستنەوە – پێنج شەممە ٢٠٠٤/٣/٤ ل٢٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٢) خولی گواستنەوە – پێنج شەممە ٢٠٠٤/٦/١٧ ل٥٢

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٣) خولی گواستنەوە – دوو شەممە ٢٠٠٤/٦/١٩ ل٨٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٤) خولی گواستنەوە – یەك شەممە ٢٠٠٤/٧/٤ ل١٥٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٥) خولی گواستنەوە – شەممە ٢٠٠٤/٧/٢٤ ل١٥٨

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٦) خولی گواستنەوە – شەممە ٢٠٠٤/٨/٧ ل١٨١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٧) خولی گواستنەوە – چوار شەممە ٢٠٠٤/٩/٢٢ ل٢٠٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٨) خولی گواستنەوە –سێ شەممە ٢٠٠٤/٩/٢٨ ل٢٤٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٩) خولی گواستنەوە – سێ شەممە ٢٠٠٤/١٠/٥ ل٣٠٢

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٠) خولی گواستنەوە – سێ شەممە ٢٠٠٤/١٠/١٢ ل٣٤٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥١) خولی گواستنەوە – چوار شەممە ٢٠٠٤/١١/٣ ل٣٧٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٢) خولی گواستنەوە – چوار شەممە ٢٠٠٤/١١/١٠ ل٤٤٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٣) خولی گواستنەوە – چوارشەممە ٢٠٠٤/١١/١٧ ل٤٧٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٤) خولی گواستنەوە – شەممە ٢٠٠٤/١١/٢٠ ل٤٩٢

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە(٥٥)خولی گواستنەوە – پێنج شەممە ٢٠٠٤/١٢ /٩ ل ٥٣٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٦) خولی گواستنەوە – شەممە ٢٠٠٥/١ /١٥ ل ٥٥٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە(٥٧)خولی گواستنەوە – یەك شەممە ٢٠٠٥/١ /١٦ ل ٥٨٨

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە(٥٨)خولی گواستنەوە – پێنج شەممە ٢٠٠٥/٤ /٧ ل ٥٩٠

ناکـەم ئـەو موناقەشـەیە بکەوێـتە بەینـتانەوە، بۆیـە ئینشـائەڵڵا ئیشـەکانمان بـە ئاسـانی دەڕوات و، لـە حەقیقەتیشـدا مـن ئاگاداری ئـەوەم کـە شـەریکەیەك تـەعاقودی کردووە، کە مەسەلەی تەبریدەکەتان بۆ چاك بکەنـەوە، مـن تەسـەور دەکـەم بـەم زووانە ئینشائەڵڵا چاکی دەکەنەوە ئەو تەبریدە، جا با ئیشەکەمان بکەین، موناقەشـەی ئـەو مەوزوعـە نەکەین، چونکە ئەم هەویرە ئاو زۆر دەکێشێت، با ئەمە بیڕێنینەوە دەبێت دیسان لـە دوایـی ئەمـە موناقەشـە بکەین، دوای ئـەوە موناقەشـەی تریش دەکەین، هەمووشتان عەفوی کاك فەرسەت بکەن، چونکە ڤاچی تەواو نییە و، ناتوانێت دانیشێت، لەبەر ئەوە دەچێتە دەرێ، ئینجا لە بەینی خۆتان تکایە بەشـی بکـەن، بۆ ئەوەی ئەو پرۆژانە خوێندنەوەی یەکەمی بکرێت، بەڕێزان بۆ ئاگاداریتان ڕێگا دەدەینەوە بۆ ئیعلام با بێنەوە ژوورێ، هەر بۆ ئاگاداریتان.

١-پـرۆژەی یاسای چوارەم هەموار کردنی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموار کراوی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان. (ئیدارەی هەولێر).

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

ئێستا دەقی پرۆژەکەتان بۆ دەخوێنمەوە.

رئاسة مجلس الوزراء

مشروع

استناداً إلى الصلاحية المخولـة لنا بموجب الفقرة (٣) من المادة (٢) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٧ وبناء على ما عرضه مجلس الوزراء لإقليم كوردستان.

قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق إصدار مايلي:-

قانون رقم( ) لسنة ٢٠٠٤

قانون التعديل الرابع لقانون مجلس وزراء اقليم كوردستان العراق

رقم (٣) لسنة١٩٩٢ المعدل.

المادة الأولى:

يضاف ما يلي إلى المادة التاسعة وزارة العمل والشؤون الاجتماعية وتكون تسلسلها رقم(١٨).

المادة الثانية:-

تقرأ وزارة الصحة والشؤون الاجتماعية الواردة بالفقرة (١١) وزارة الصحة.

المادة الثالثة:-

على المجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القانون.

المادة الرابعة:-

ينفذ هذا القانون من تأريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئـەم یاسایە ئاراسـتەی لـیژنەی یاسایی و لـیژنەی دارایـی و لـیژنەی تەندروسـتی کاروبـاری کۆمەڵایەتی دەکەین، خاڵی دووەم: پرۆژەی یاسای وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن.

یەکەم: پڕۆژەی یاسای چوارەم هەموارکردنی یاسای ژمارە(٣)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموارکراوی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان.

تکا لە دوو ئەندامی بەڕێزی لیژنەی یاسایی و، ئەندامێکی بەڕێزی لیژنەی دارایی دەکەین فەرموون بۆ سەر مەنەسەکە، لیژنەی داراییش با دوو ئەندام بێت، فەرموو کاک شێروان بیخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

بسم الله الرحمن الرحيم

**باسم الشعب**

**المجلس الوطني لكوردستان - العراق**

رقم القرار:

تاريخ القرار:

استناداً لأحكام الفقرة (١) من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم ١ لسنة ١٩٩٢المعدل وبناءاً على ما عرضة مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / /٢٠٠٤ تشريع القانون الآتي:

**قانون رقم( )لسنة ٢٠٠٤**

**قانون التعديل الرابع لقانون مجلس الوزراء**

**رقم(٣)لسنة ١٩٩٢ المعدل**

المادة الأولى:

تعدل المادة الثانية من قانون مجلس الوزراء لاقليم كوردستان وتقرأ كالآتي:

١- يعتبر المجلس أعلى هيئة تنفيذية للاقليم ويتكون من الرئيس ونوابه والوزراء.

٢- يكون لرئيس مجلس الوزراء نواب على أن لايزيد عن ثلاث.

٣- لرئيس مجلس الوزراء إناطة ما يترائى له من مهام بنوابه في حالة غيابه أو أثناء حضوره وفقاً للقانون.

٤- يجوز لنائب رئيس الوزراء أن يشغل حقيبة وزارية أصالة أو وكالة إضافة لمهام منصبه.

المادة الثانية:

أ- تلغى وزارة الإشغال والإسكان ووزارة الإعمار والتنمية الواردة ذكرهما في المادة التاسعة من القانون رقم(٣) لسنة ١٩٩٢.

ب- تستحدث وزارة باسم وزارة الإعمار والإسكان.

المادة الثالثة:

أ-يعدل أسم وزارة الصحة والشؤون الاجتماعية الى (وزارة الصحةلاقليم كوردستان)الواردة في المادة التاسعة من القانون رقم(٣)لسنة ١٩٩٢ المعدل.

ب-تستحدث وزارة باسم وزارة العمل والشؤون الاجتماعية.

المادة الرابعة:

يحل أسم وزارة الأوقاف والشؤون الدينية محل وزارة الأوقاف والشؤون الإسلامية الواردة ذكرها في المادة التاسعة من القانون رقم(٣)لسنة ١٩٩٢.

المادة الخامسة:

يبدل اسم وزارة الصناعة والطاقة الى اسم وزارة الصناعة والكهرباء للاقليم الوارد ذكرها في المادة التاسعة من القانون رقم(٣) لسنة ١٩٩٣.

المادة السادسة:

تستحدث وزارة بأسم وزارة التعليم العالي والبحث العلمي لأقليم كوردستان وضمن تسلسلات المادة التاسعة من القانون رقم ٣ لسنة ١٩٩٢

المادة السابعة:

تعدل الفقرة(٢)من المادة السابعة عشرة من قانون مجلس الوزراء رقم(٣)لسنة ١٩٩٢المعدل وتقرأ كالآتي:

٢- في حالة خلو منصب الرئيس يتولى مهام منصبه من يختاره مجلس الوزراء من بين نواب الرئيس لحين تسمية رئيس جديد خلال ١٥ يوماً.

المادة الثامنة:

على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون

المادة التاسعة:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ صدوره وينشر في جريدة وقائع كوردستان

د.رۆژ نوري شاويس

**رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەمە پێشنیاری لیژنەی یاساییە، چەند پرۆژەیەكی كۆكردۆتەوە لەیەك پرۆژەدا و، ئێمە لە سەرۆكایەتی ئەنجومەن شتەكەمان بە باش زانی، چونكە هەموو ئەوانی تر كۆدەكاتەوە، ئەو پێشنیارانەی تر كە كرابوون و، ئیشەكە ئاسان دەكات، بۆیە ئەگەر بە پەسندی بزانن ئێمە موناقەشەی ئەم پێشنیارە دەكەین مادده بە مادده، من ئەمە ئەخەمە دەنگدانەوە، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم ئەم پرۆژەیەی كە ئێستا لیژنەی یاسایی پێشكەشی كردووە، مادده بە مادده موناقەشە بكرێت، دەنگی لەسەر بدرێت، تكا لەو بەڕێزانە دەكەم كە پەسەندی دەكەن دەستیان بەرز كەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو بەڕێزانەی كە پەسەندی ناكەن دەستیان بەرز كەنەوە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ پێشنیارەكە وەرگیرا، فەرموو كاك شێروان مادده بە مادده دیباجەو ماددەی یەكەم بخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

بسم الله الرحمن الرحيم

**باسم الشعب**

**المجلس الوطني لكوردستان - العراق**

رقم القرار:

تاريخ القرار:

استناداً لأحكام الفقرة (١) من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم ١ لسنة ١٩٩٢المعدل وبناءاً على ما عرضة مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / /٢٠٠٤ تشريع القانون الآتي:

**قانون رقم( )لسنة ٢٠٠٤**

**قانون التعديل الرابع لقانون مجلس الوزراء**

**رقم(٣)لسنة ١٩٩٢ المعدل**

المادة الأولى:

**تعدل المادة الثانية من قانون مجلس الوزراء لاقليم كوردستان وتقرأ كالآتي:**

١- يعتبر المجلس أعلى هيئة تنفيذية للاقليم ويتكون من الرئيس ونوابه والوزراء.

٢- يكون لرئيس مجلس الوزراء نواب على أن لايزيد عن ثلاث.

٣- لرئيس مجلس الوزراء إناطة ما يترائىله من مهام بنوابه في حالة غيابه أو أثناء حضوره وفقاً للقانون. يجوز لنائب رئيس الوزراء أن يشغل حقيبة وزارية أصالة أو وكالة إضافة لمهام منصبه.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لیژنەی دارایی تکایە، تۆزێك ئیشەکەمان بەنیسبەت لیژنەی داراییەوە زەحمەت دەبێت، چونکە لەسەر هەر پڕۆژەیەك ڕەئیەکتان داوە ئێوە، من تەسەوڕ دەکەم زۆر لە مەقاتیع لە پڕۆژەکاندا هەیە، ڕەئیتان لەسەر هەموویان هەیە لە حەقیقەتدا، جا تکایە ڕەئیتان.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاسی لیژنەی یاسایی دکەین کو دوو سێ کردنە یەك پڕۆژە، کو تعدیل رابع لقانون مجلس وزەرا جەنابێتە با بیت( (ج) ژمارە ڤ ٢٠٠٤\٦\١٧ )تەئیدە، چونکە دیباجە دروستی کردیە، یا دوو تەعدیلا خامس لە قانون مجلس وزەرا، مەجالا دابی ژمارە ج٣ مێژووی ٢٠٠٤\٦\١٧، ئەو ژی دیسان تەئیدەکی ژ خیلاف مە دانینە، دەڵێت تەنیا پێشایەکی دا قانونا تەعدیل لقانون مجلس وزەرا اقلیم کوردستان العراق، ئەم پێ باشە هەروەکی پێشوو ناڤێ قانونی درستی لیژنا یاسا بخویتن، چونکە ئیختیساریان کردوە مەجلیسی وزەرا، راستە نیقابەی بۆ هەرێمی کوردستان دەردەکەن، بەڵام بۆ تاریخ و بۆ ناحیەی قانونی ناوەکە تەواو

بخوێنێتن، قانون رقم( )لسنه ٢٠٠٤قانون تعديل لقانون مجلس وزەرا اقليم كوردستان العراق، وەكی هەر جاران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تێبینی تر هەیە، فەرموو كاك حمە علی.

**بەڕێز حمە علی توفیق میرزا فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو كارەی لیژنەی یاسایی زۆر رێك و پێكە، بەلأم پێویستە یاسای ئەو سێ وەزارەتە تازەیە كە باس كرا ئەوە لەو پرۆژەیەدا بمێنێ، تاكو دەنگدان و موناقەشە كردن لەسەری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، خۆی رەئی لیژنەی یاسایی هەر بەم شێوەیەیە، لیژنەی یاسایی ئەگەر تەعقیبێكتان هەیە لەسەر رەئی لیژنەی دارایی، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هیچ مانع نییە، بیكەینە قانون تعديل الرابع لقانون مجلس وزەرا لاقليم كوردستان العراق، هەروەكو لە پرۆژەكەدا هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، كەواتە ئەیخەینە دەنگدانەوە، تكایە بخوێنرێتەوە بەو تەعدیلە، چونكە تەعدیل كراوە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم

**باسم الشعب**

**المجلس الوطني لكوردستان - العراق**

رقم القرار:

تاريخ القرار:

استناداً لأحكام الفقرة (١) من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم ١ لسنة ١٩٩٢المعدل وبناءاً على ما عرضة مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / /٢٠٠٤ تشريع القانون الآتي:

قانون رقم( )لسنة ٢٠٠٤

قانون التعديل الرابع لقانون مجلس الوزراء

رقم(٣)لسنة ١٩٩٢ المعدل

المادة الأولى:

تعدل المادة الثانية من قانون مجلس الوزراء لاقليم كوردستان وتقرأ كالآتي:

٤- يعتبر المجلس أعلى هيئة تنفيذية للاقليم ويتكون من الرئيس ونوابه والوزراء.

٥- يكون لرئيس مجلس الوزراء نواب على أن لايزيد عن ثلاث.

٦- لرئيس مجلس الوزراء إناطة ما يترائىله من مهام بنوابه في حالة غيابه أو أثناء حضوره وفقاً للقانون.

يجوز لنائب رئيس الوزراء أن يشغل حقيبة وزارية أصالة أو وكالة إضافة لمهام منصبه.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە ماددەی یەكەم و دیباجەكە پەسەند دەكەن، دەستیان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی كە پەسەندی ناكەن دەستیان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس، بەگشتی دەنگ ماددەی یەكەم و دیباجەكە وەرگیرا، ماددەی دووەم، تكایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الثانية:

أ- تلغى وزارة الإشغال والإسكان ووزارة الإعمار والتنمية الواردة ذكرهما في المادة التاسعة من القانون رقم(٣) لسنة ١٩٩٢.

ب - تستحدث وزارة باسم وزارة الإعمار والإسكان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

رەئی لیژنەی دارایی تكایە.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی دارایی و ئابووری تەئیدی دكەتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لیژنەی ئەشغال و ئیسكان.

**بەڕێز نهلە محمد سعداللە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لە تەقریرەكەی خۆمان نوسیوومانە، ئێمە هەر لە ساڵی ١٩٩٢وەوە لەگەڵ ئەوەدابووین، كە ئەو دوو وەزارەتە یەك بگرتەوە، چونكە سەلاحیاتی بەیەك دەچێت، ئیشەكانی بەیەك دەچێت خۆش بەختانە ئێستا یەكە دەگرنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، زۆر راستە، قسەكانیشی لە قسەی مهندس دەچێت، تێبینی تر هەیە، فەرموو.

**بەڕێز لطيف عبدالقادر صادق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان.

دەربارەی تەشکیلاتی ئەنجومەنی وەزیران، لە هەردوو هەرێمەکەوە، ئێمە وەزارەتی نەفتمان نییە، وەزارەتی نەفتیش ئیستیحداس بکرایە، دەبوایە شتێکی تر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئێمە ئەو پێشنیارە ئاراستەی هەردوو ئەنجومەنی وەزیران دەکەین، هی سلێمانی و، هی هەولێر، داوای ڕەئییان دەکەین، دەربارەی ئەمە، هیچ تێبینی تر هەیە، فەرموو.

**بەڕێز سرتیپ محمد حسین (سیروان کاکەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو ئیشارەت دراوە کە ئەو دوو وەزارەتە لەغوو دەکرێتەوە، وەزارەتێکی تر ئیستیحداس دەکرێت، مەفروزە مومتەلەکاتی ئەو وەزارەتە لێرە دیاری بکرێت کە ئەدرێتە ئەو وەزارەتە تازەیەی کە ئیستیحداس دەکرێت، چونکە لێرە دەبێت وازیح بێت ئەو شتە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەوە لەو بابەیە، یان لە بابێکی ترە، تێبینی تر نییە، دەیخەمە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی دوو پەسەند دەکەن، دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس، بەگشتی دەنگ ماددەی دوو وەرگیرا، ماددەی سێیەم، تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة:

ب- يعدل أسم وزارة الصحة والشؤون الاجتماعية الى (وزارة الصحة لاقليم كوردستان)الواردة في المادة التاسعة من القانون رقم(٣)لسنة ١٩٩٢ المعدل.

ج- تستحدث وزارة باسم وزارة العمل والشؤون الاجتماعية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ڕەئی لیژنەی دارایی تکایە، فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنا داراییێ تەئیدێ دکەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ڕەئی لیژنەی تەندروستی و کاروباری کۆمەلایەتی، تکایە، دیارە لیژنەکە لێرە نییە، فەرموو.

دەنگ دەرنەچووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، هیچ تێبینی تر نییە، دەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی سێ پەسەند دەکەن، دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس، بەگشتی دەنگ ماددەی سێ پەسەند کرا، ماددەی چوارەم، تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

المادة الرابعة:

یحل أسم وزارة الأوقاف والشؤون الدینیة محل وزارة الأوقاف والشؤون الإسلامیة الواردة ذکرها فی المادة التاسعة من القانون رقم(٣)لسنة ١٩٩٢.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ڕەئی لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی، فەرموو.

**بەڕێز مەلا محمد امین عبدالحکیم چەمچەمالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئەمڕۆ وەکو لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی، چوار لە ئەندامان کۆبوونەوەی خۆمان کرد، لەسەر پرۆژەکە ئێمە موتەفقین، کە پرۆژەیەکی باشە، شتێکیش هەیە، حەز دەکەم بە جەنابتانی ڕابگەیەنم، ئەویش ئەوەیە، ئێمە زۆر لە شتەکانمان چاولێکەریە، یەعنی کاتی خۆی عێراق وەزارەتێکی هەبووە بەناوی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی کە (وزارة الاوقاف والشئون الدینیة)یە، ئەبێ ئێمە دەستکاری ئەم ناوانە بکەین، من چەند بۆچوونێکم هەیە حەز دەکەم لەبەردەم هەموو ئەندامانی پەرلەمان تەڕحی بکەم، دیارە ئیسلام یەکێکە لە و مەبادیئە ئەساسیانەی کە هێناویەتی کە زەمانەت کردنی حوریەتی ئەدیان و شەعائیری دینی هەموو دیانەتەکانە، یەعنی یەکێك لە مەبدەئە ئەساسییەکانی ئیسلام ئەوەیە کە دابینی حوریەتی ئیعتیقاد بکات بۆ هەموو ئەدیانەکان و، ئەرزیەتیان بۆ خۆش بکات، بۆ ئەوەی تەواوی ئازادی خۆیان هەبێ، ئەمە مەبدەئێکی ئیسلامییە وەنەبێ برادەرێك وا بزانێ ئەوە ناوەکە گۆڕا، ئیتر کارێکی زۆر خراپ ڕووئەدا، نەخێر ئەمە وا نییە، ئەوە خاڵی یەك، دوو کوردستانی خۆمان ئەدیانی موتەعەدیدی تێدا هەیە، ئەدیانی زۆر جیاوازی تێدا هەیە، بۆ نموونە کاکەیی هەیە، یەزیدی هەیە، سائیبە هەیە، نەصارە هەیە، دەتوانین بڵێین تا حدودی ١٠ یان ١٢ی غەیری ئیسلام هەیە، لە حاڵەتێك کە ئیسلام خۆی زەمانەتی حوریەتی دیانەتەکان دەکات، من پێم وایە ئەوەندە بەداوی شتەکان نەگەڕێین، بەدوای ئەو موستەلەحە کۆنانە نەگەڕێن، خۆزگەم ئەخواست وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی، ببوایە بە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری دیانەتەکان، کە تەعبیر لەوە بدات لە کوردستاندا ئەساڵەتێکی دیانەتەکانی تر هەر ماون، وەکو زەردەشتی و، یەزیدی و، کۆمەڵێ دیاناتی تر، هەم لەلایەکەوە کە ئیقلیم دیاناتی فراوانی تێدا هەیە و، هەم لاسایی کردنەوەی بەغدا نییە و، هەم لەبەرچاوی خەڵك مەسەلەی دیانەتەکان لە کوردستاندا گەورەتر ببێتەوە، ئەوە شتێکی بێ شەرعی نییە، دەتوانرێ لە وەزارەتی ئەوقافیش ئەو کاتە موئەسەسەیەك دابنرێ، ئەم موئەسەسەیە سەپەرشتی شئونی ئەدیان بکات بە عام، یەعنی لە جیاتی ئەوەی

بلێین وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی، بلێین وەزارەتی ئەوقاف و شئونی ئەدیان، ئەمە بۆچوونێکە هی لیژنەکە نییە، ببورن، لیژنەکە موتەفقین لەسەر وەزارەتی ئەوقاف و شئونی دینی، من ئەمە بۆچوونی تایبەتی خۆم و هی مامۆستا شێخ لەتیفە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، هەرچەندە ئێمە دوێنێ، پێرێ لە راستیدا وتمان، ئەگەر موفتەرەحاتی شەخسی هەبێت بە نووسراو تەقدیم بکرێت، بەڵام جاربەجارێ مەجال ئەدەین، چونکە شتەکە ئەگەر حەساس بێت، قەیدی چی دەکات، بۆیە جاربەجار سەیر کەن، هەندێ شت رەئی ناپرسم، چونکە رەئیمان لەبەر دەم نییە، لیژنەی یاسایی ئێوە وەڵامی ئەم پێشنیارە بدەنەوە.

**بەڕێز احـــمد شریـــف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەردوو وشەکە کە مامۆستا حمدامین بەکاری هێنا، هەمان مانا دەگەیەنێ، وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی و، وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینییەکان، هیچ جیاوازییەکی نییە، هەمووی وەك یەك دەگرێتەوە بە رەئی ئێمە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز وەزیری ئەوقاف، فەرموو.

**بەڕێز عدنان نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومـــەن.**

من پێشەکی سوپاسی بەڕێزتان و ئەندامانی پەرلەمان دەکەم، من لەگەڵ بۆچوونەکەی لیژنەی یاسام، بەنیسبەت ئەوەی مامۆستا مەلا محمدامین فەرمووی، تەبعەن ئەدیان موفرەدە، بەلام ئەدینییە مەصدەرەکەیە، عادەتەن لە لوغەی عەرەبی ئینسان دەچێتە مەصدەر، لە ناحیەی لوغەوی تەبعەن یاسا لەو شتانەیە پەیوەندی زۆر لەگەڵ زمان هەیە، من ئەوەش دەخەمەوە یادی مامۆستا محمد امین، لە نەدوەی تەلەفزیۆنیدا جەنابی دەرچوو و، موفتەرەحی شئوونی دینی بێتن وەکو وتم ئەوە مەصدەرەکەیە، دووبارە سوپاس بۆ بەڕێزتان و، بۆ لیژنەی یاساو، بۆ ئەندامانی پەرلەمان، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆ بەڕێز عدنان نقشبندی، وەزیری ئەقاف، بەڕێز مامۆستا مەلا محمد امین، ئاخیر جار، فەرموو.

**بەڕێز مەلا محمد امین عبدالحکیم چەمچەمالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەدیان جەمعە، ئەدیان جەمعی دینە، موفرەدەکەی دینە، مەسەلەش ئەوەیە من دەمەوێت شتێکی سیاسی بکەین، کە تۆ ئەڵێی ئەدیان هەیە، لێرە ئەنزاری خەڵکی بەنەوعێکی تر تەماشای کوردستان دەکەن، من لەوێوە بۆی دەچم، ئەگینا دەزانم الدین بخیر والاسلام بخیر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مام ڕۆستەم قسەت هەیە دەستت بەرز کەوە، فەرموو.

**بەڕێز حسن حمید رحیم(مام ڕۆستەم):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەلاهی هەزار ناوی لێ بگۆڕین، ئەو غەزەبە هەر بۆمان هەلگیراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی مامۆستا مەلا محمد امین ڕاست دەکات، دوومانای جیاواز دەدات، دوو مەقسەدی جیاوازە، بەلأم من تەسەوڕ دەکەم بە پێی بۆچوونی حکومەتی هەرێم و وەزارەتی ئەوقاف و لیژنەی ئەوقافی پەرلەمان جارێ ئەوەند مومکینە، لەبەر ئەوە من پێشنیارەکە دەخەمە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی چوار پەسەند دەکەن، دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس، بەگشتی دەنگ ماددەی چوار وەرگیرا بەو شێوەیەی کە هەیە، ماددەی پێنجەم.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

المادة الخامسة:

يبدل اسم وزارة الصناعة والطاقة الى اسم وزارة الصناعة والكهرباء للاقليم الوارد ذكرها في المادة التاسعة من القانون رقم(٣) لسنة ١٩٩٣.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕەئی لیژنەی دارایی تکایە، فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی دارایی و ئابووری تەئیدی ڕەئی لیژنەی یاسایی دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕەئی لیژنەی پیشەسازی و وزە، نییە، بەڕێز وەزیری پیشەسازی و وزە، بەڕێز ئەمین مولود، فەرموو.

**بەڕێز محمد امین مولود امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوای گفتوگۆکردن لەسەر پڕۆژەی هەمووارکردنی یاسای وەزارەتی پیشەسازی و وزە لیژنەکەمان بە زۆرینەی دەنگ گەیشتە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە:

یەك: لەبارەی گۆڕینی ناوی وەزارەتەکەوە بۆ وەزارەتی (الصناعة والكهرباء) لەگەڵ کارەکانی ئەو کارە ناگونجێ، چونکە کانزاکانی تر ناگرێتەوە، وەك مەقالیع و خەڵوزی بەردو گەلێ شتی تر، بۆیە باشتر وایە بکرێتە وەزارەتی (الصناعة والطاقة والمعادن)؛ دووەم لەبارەی ماددەی سێیەمەوە......

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیە بەسە کاك امین، جارێ موناقەشەی ماددەکانی تر ناکەین، بەنیسبەت ئەو ماددەیە ئەوە رەئیەکەتانە، ئەوە بمێنێ بەنیسبەت ئێمەوە، خۆ لە حەقیقەتدا منیش ویستم ئەو پرسیارە بکەم، ئەگەر بکرێتە وەزارەتی (الصناعة والکهرباء) ئەی مەحروقات چی لێدێت؟ مەعادنی تر چی لێدێت؟ سوئالەکە بۆ وەزیری صناعەیە بەڕاستی، لە مەهامی وەزارەت دەمێنێتەوە، نامێنێ؟ مەعادنی تر دەمێنێ، نامێنێ، لەبەر ئەمە؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەکە ئەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی پێنج پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، یەك ئەندامی بەڕێز پەسەندی ناکات، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی شەش، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

المادة السادسة:

تستحدث وزارة بأسم وزارة التعليم العالي والبحث العلمي لأقليم كوردستان وضمن تسلسلات المادة التاسعة من القانون رقم ٣ لسنة ١٩٩٢.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، رەئی لیژنەی دارایی تکایە.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پەسەندی دەکەین، بۆ پێکهێنانا وەزارەتێ التعلیم العالی والبحپ العلمی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، رەئی لیژنەی خوێندنی بالاْ.

**بەڕێز رؤوف محمد فرج:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان.

ئێمەش وەکو لیژنەی پەروەردەو خوێندنی بالاْ پشتگیری ئەو بڕیارە دەکەین. لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز کمال ابراهیم فرج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاتی خۆی لێرە لەم قاعەیە، پەرلەمان بە کۆی دەنگ بڕیارماندا کە وەزارەی بەحسی عیلمی و تەعلیم عالی نەوێت، ئەوسا زوو بڕیارماندا مەجلیسی بەحسی علیمی دروست کرێت، جا من ئێستا لە برادەرانی قانونی دەپرسم، نابێ ئیشارەتێك بدەن بەو قەرارەی پێشوو، کە کاتی خۆی ئێمە بڕیارمان داوە کە نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی لەسەر ئەم بابەتە قانونە، لەگەڵ سەرۆك جامیعەی دهۆك دانیشتنێکمان کرد و، چەند پێشنیارێکیان هەبوو لەسەر ماددەکانی ئەم یاسایە، بەنووسین تەقدیمی لیژنەی قانونیم کرد، ئەم بەیانییە تاکو ئیتیلاعێکیان هەبێت، ڕەنگە زۆر شتی باشی تێدا هەبێت، کە ڕەچاو بکرێتن و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام ڕەئی جەنابتان لەگەڵ ئەوەیە کە ئیستیحداس بکرێتن ئەو وەزارەتە، باشە، چونکە ئێمە ئێستا جارێ باسی دروست کردنی ئەو وەزارەتە دەکەین، کە گەیشتینە قانونەکە ئەو کاتە باسی ئەو نوقتانە دەکەین، لیژنەی یاسایی با وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە.

**بەڕێز احمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت پێشنیارەکەی کە فعلەن دەبوایە ئیشارەت بکرێت، ئەو ئیقتیراحەی کاك کمال کردی، ئێمەش هەر ڕەئیمان وایە، کە دەبوایە ئیشارەتێك بەو قەرارەی پێشترمان بکرێتن، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ڕەئی لیژنەی یاسایی وایە ئیستیحداسەکە بڕوا، لە دوای یاسای تەعلیم عالی ئیشارەت بدرێت بە یاسای مەجلیسی تەعلیم عالی، بۆیە ماددەی شەش هەروەکو خۆی دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی شەش پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ماددەی شەش بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی حەوت، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

المادة السابعة:

تعدل الفقرة(٢)من المادة السابعة عشرة من قانون مجلس الوزراء رقم(٣)لسنة ١٩٩٢المعدل وتقرأ كالآتي:

٢- في حالة خلو منصب الرئيس يتولى مهام منصبه من يختاره مجلس الوزراء من بين نواب الرئيس لحين تسمية رئيس جديد خلال ١٥ يوماً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ڕەئی لیژنەی دارایی.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ئەم ماددەیەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز حسن کانبی خدر:**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان.

کە دەڵێ (من یختارە مجلس وزراء) دەبێت دیاری بکەین نیسبەتی چەند بێت، ئەکسەرییە یان ئەکسەرییەتی موتڵەقە، چەند لە مەجلیسی وزەرا کە ئەو کەسەی دیاری دەکاتن، بۆیە حەز دەکەم ئەو نیسبەیە دیاری بکرێتن، بۆ ئەوەی قانونەکە لەنگ نەبیتن، لەگەڵ سوپاسم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، من پرسیارێکم هەیە لە خلو مانای چییە.

قسەکانیان تۆمار نەکراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با وا وازیح بێت باشترە، جارێ خلو غیاب نییە، ئەگەر بە ئیجازە بێت، یان بەسەفەر بڕوات، ئەوە خۆی یەکێك لە نوابی خۆی دادەنێت، خۆی تەکلیفی دەکات، رەئیسی وزەرا، بەڵام خوانەخواستە ئەگەر وەفاتی کرد، یەعنی ئەو کاتە خاڵی بوو مەنسەبەکە، زۆر وازیحە ئەو کاتە ئۆتۆماتیکی مەجلیسی وزەرا موعتەبەر نابێت بە موستەقیل، چونکە تەواو بووە رەئیسەکەی نەماوە، دەبێت مەجلیسێکی وزەرای تازە دروست ببێت، ئینجا لەم بارەیەوە ئێوە لێکی بدەنەوە، بزانن تەعبیرەکە تەواوە تەواو نییە، رێگا لەوە ئەگرێت نایگرێت، فەرموو کاك سعدی.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاتی خۆی مراسەلەیەك هەبوو لەبەینی سەرۆکی پەرلەمان و رەئیسی وزەرا، لەسەر ئەو بابەتە خلو و، غیاب، رەئیسی پەرلەمان ئەو دەورە ببینێ یان نائیبەکەی، ئەو دەیگوت دەورەکە ببینێ بۆ ئەو فەترەیە تا رەئیس وزەرایەکی تر دادەنرێت، موناقەشەیەکی زۆر لەسەر ئەو مراسەلاتانە کرا، بەڵام وەکو جەنابت فەرمووت ئەگەر رەئیسی وزەرا مرد کابینەکە بەتەواوی ئیسقات دەکات، تەنها پەرلەمان دەتوانێت کابینەی مەوجود تەخویل بکات، کە ئیشەکانی خۆی بەڕێوە ببات، بۆ ئەو فەترەیەی تا کابینەیەکی تر دادەمەزرێت، بۆ ئەو فەترەیە دەتوانرێت یەکێك لە وەزیرەکان یان لە نائیبەکانی ئیش و کاری رەئیسی ئەنجومەنی وەزیران بە وەکالەت بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، من تەسەوڕ دەکەم بۆ ئەوەی ئەو ئیشکالە حەڵ بکەین، (خلال فترة ١٥يوماً ومن ثم تشكيل حكومة جديدة يان مجلس جديد) يان شتێکی وا، وفقا للقانون، بۆ ئەوەی وازیح بێت، جا ئێوە قانونین، مەقصەدەکەی غیاب نییە، ئێستا ئەو موشکیلەی نێوان پارتی و یەکێتی بە ئاسانی حەڵ دەبێت، ئەگەر مەقصدەکەی وازیح بێت بەم جۆرە، یەعنی ئەو نائیب رەئیس وزەرایەی کە موەقەت دەبێت بە رەئیس وزەرائیش بە دائیم نامێنێتەوە، موەقەت تا حکومەتێکی تر دروست دەبێت، چونکە نەك بەس رەئیس وزەرا دەگۆڕێت ئەو وەختە، ئەو کاتە ئەگەر پەرلەمانیش یەکێك بە رەئیس وزەرا دابنێ، ئەو رەئیس وزەرای ئەو مەجلیسە نییە، دەبێت مەجلیسی خۆی دروست بکات، فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی دوو سێ نوقتەی تێدا هەیە، ئەو مەوزوعە، یەکەم خلوەکە ئەوەیە کە رەئیس وزەرا مەوجود نییە، یان خوانەخواستە متەوەففییە، یانیش ئەوەتەیە بزانە ئیستیقالەی داوە، ئەوە یەك، دوو، ئیختارەکە بۆ مەجلیس وزەرا بەس بۆ ئەم ١٥رۆژەیە، لە پازدە رۆژ زیاتر نییە، پاش ١٥ رۆژ تەسمیە دەکرێت، تەسمیەش ئیعتیادی لەلایەن پەرلەمانەوە دەکرێت، مەوزوعی ئیختیاری رەئیس مجلس وزەرا فەقەت بۆ تەمشیە کردنی ئیش و کاری ئەو ١٥رۆژەیە.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە ئەسڵەن شەکی تێدا نییە، کە خلو مەبەستی ئەوەیە کە رەئیس وزەرا لە ئیشی خۆی نەمێنێت، جا بە هەرچ جۆرێك بێت، بۆیە لە جوملەی ئەخیری باسی (لحين تسمية رئيس جديد)، ئەگەر ماوە باسی تەسمیەی رەئیسی جدید بۆ دەکرێت و، دەبێت ئەو مەوزوعە بە نەمانی ئەو کابینە ئیسقات دەبێت، کابینە نامێنێت، دەبێت لێرە ئیشارەت بەوە بکرێت، کە پەرلەمان دەتوانێت بۆ ماوەی ١٥ رۆژ کابینەی کۆن تەخویل بکات و، رەئیسێك وەکالەتەن دابنێ، تا رەئیسی تازە هەڵدەبژرێت، من پێم وایە فەقەرەیەك دەربێنین، بەتەنها مەعامەلەی پێ بکەین، بە مشاوەرە لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران ئەو بابەتە جارێکی تر سیاغە بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، با شەرحی بکەینەوە بەپێی قانون، ئەگەر ئیستیقالەی کرد بەپێی قانون رەئیس وزەرا خۆی کابینە حەل دەبێت راستە، بەڵام رەئیس وزەرا خۆی تەمشییەی ئومور دەکات، خۆی و کابینەکەی خۆی تاکو رەئیس وزەرا تەعین دەکرێت، تا کابینەی تازە دەست بەکار دەبیت، ئەو مەوزوعە ئیستیقالە ناگرێتەوە، ئەو مەوزوعە خلووە، یەعنی مەحەلەکە شاغر بووە، ئیستیقالە نییە، یەعنی زۆر وازیحە، تەبیعی ئەگەر ئیستیقالە نەبوو، مەفروزە مەجلیسی وزەرا تاکو مەجلیسێکی وزەرای تازە دروست دەکرێت، تەمشییەی ئومور بکات، دەبێت مەسەلەن رەئیسێکی وزەرای موەقەت بۆ خۆیان هەڵبژێرن، بە وەکالەت لە بەینی نوابەکاندا و، تەمشییەی ئومور بکەن تاکو رەئیس وزەرای تازە تەشکیل دەکرێت، تاکو کابینەش هەڵدەبژێرێ، کابینەش دەست بەکار دەبێ، یەعنی ١٥ رۆژ نییە، ١٥رۆژ بۆ دەست نیشان کردنی رەئیس

وزەرایە، یەعنی تەسمییە لەوە زیاتر نییە جارێ، زۆر وازیح نییە، مەقصەدم ئەوەیە، بۆیە دەمەوێت خەلەلمان نەبێت لەم ناحیەیە، فەرموو کاک د. ناسح.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەگەر بەم شێوەیە بگوردرێ، لەوانەیە بەو مەبەستەی کە باس کرا، جێبەجێ بکرێت، (في حالة خلو منصب الرئيس يتولى مهام منصبه من يختاره مجلس الوزراء من بين نواب الرئيس لحين تشكيل وزارة جديدة خلال ١٥ يوماً)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك عبدالعزیز.

**بەڕێز عبدالعزیز طیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن لە نەسا دیارە شایەتی ماددەی بۆ حالەتێکی زۆر تاریئە و، ئەو حالەتی تاریئ بە ئیعتیبار سولتەی تەنفیزییە، سولتەی تەنفیزی موحتاجە فەراغە بە زیترین وەقت بێتە دروست کردن، چی دەڤێت فەراغێ دروست کەت، هەگەر پەنا ببەن بۆ پەرلەمانێ وەختەکی زۆر پێ بڤێت، تا پەرلەمان جەلسەکا ئیعتیادی ریك دکەت، ئیحتیمالە مەرحەلەکا ئیجاز پێ بت، هەرکی فەراغا زۆر بیت، چونکە من گەر تەحدیدی بکەت ١٥ رۆژە نزیکترین هەیئە کو بشیت ئینتیخاب بکەت، ئەز تەسەوڕ دکەم ئەنجومەنی وەزیرانە، بۆ ڤی حالەتە تەسەوڕ بکەم سیاغە وێیا دروستە و، باشە هاتیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك شێروان ناصح، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان لە هەیئەی سەرۆکایەتی ئەم پێشنیارەمان بۆ هاتووە، بۆتانی دەخوێنمەوە،

ثانیاً:

في حالة خلو منصب الرئيس يتولى مهام منصبه من يختاره مجلس الوزراء من بين نواب الرئيس لتمشية الامور لحين تسمية رئيس جديد خلال ١٥ يوماً ومن ثم تشكيل وزارة جديدة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەگەر ئێستا وازیحە دەیخەینە دەنگدانەوە، رەئی ئەنجومەنی وەزیران چییە لەسەر ئەم مەوزوعە؟ فەرموو.

**بەڕێز سركيس اغا جان مامندۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنیا یەك مولاحەزە هەیە، ئەگەر بێت و لە ماوەی ١٥ رۆژ، رەنگە تەشکیلی کابینەکە نەتوانرێ بکرێت، یەعنی تەسمیەکەی تەسمیەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەماوەی ١٥ رۆژ باشە، بەلاّم تەشکیلی کابینەکە لەوانەیە یەك مانگ یان دوو مانگ بخایەنێ، هەر ئەو مولاحەزەیەم هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، خۆی وابزانم وازیحە،١٥ رۆژ بۆ تەسمیەی رەئیسی وزەرایە، بەلاّم تەشکیل بوونی کابینەو دەست بەکار خستنی کابینە فەترەیەکی زیاتری دەوێت، وازیحە، بە عەرەبییەکە وازیحە.

**بەڕێز عبدالعزیز طیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خلالی ١٥ رۆژادا یەعنی حەتا تەسمیەش ژ بێتە کرن، تەبعەن ئەوە نەشیەت پشێ تێدا دەست پێکرنا پێشی وی دەگریت، چونکا لازمە ئەو بێت کابیناکا دی تەشکیل بکەت، ئەڤ کابینا دی تەشکیل کرن، مومکین نیینە ١٥ رۆژا تەشکیل بکەت، بە دیتنا من ئەڤ کە تنا قەرارێ داهاتێ، ڤێت مەشروعێدا، بە دیتنا من گەلەك وازیحە، هەر نەفسێ وی بمێنێت، وەکی کو بت، وەکی وی هاتیە بەندی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لیژنەی قانونی تکایە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە پرۆژەکەی خۆمانە بە حەقیقەت، ئێمە پەسەندی فەقەرەکەمان کردیە، بەلاّم مانعیش نییە، ئەو تەعدیلەی بێتە سەری، بۆ تەوزیحە فەقەت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی بۆ تەوزیح هیچ ئیلتیباسێکی تێدا نییە، بەرەئی ئێوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەلێ بە رەئی ئێمە هیچ ئیلتیباسێکی تێدا نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە دەیخەینە دەنگدانەوە، ماددەی حەوت بێ گۆڕانکاری دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی حەوت پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس، بەگشتی دەنگ پەسەند کرا، ماددەی هەشتەم، تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

المادة الثامنة:

على مجلس الوزراء تنفيذ هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز مەلا محمد طاهر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەلخیسێکی باشیان کردیە لیژنەی قانونی دەست خۆشیان لێدەکەین، بەلأم وابزانم ماددەیەکیان لەیاد کردووە، حەقە یان من موتەبیع نەبوومە یان ئاگام لێ نەبووە، یان حەقە ماددەیەکی تری تێدا هەبێت دەڵێت (تحل عبارة وزارة الصحة محل عبارة وزارة الصحة والشؤون الاجتماعية الواردة في الفقرة ١١ من المادة ٩ اینما وردت في قانون رقم ١ لسنة ١٩٩٣)حەقە ئەوەی تێدا هەبێت، چونکە تەڵخیسێکی باشیان کردیە، با ئەمەشی لەگەڵ بێت، ئەمە یەك، دووەمیش ئەم تەعدیلە بۆ مەعلومات تەعدیلی پێنجەمە ئەگەر شەشەم نەبێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئێمە موناقەشەی ماددەی هەشت دەکەین، بەلأم قەیدی ناکات، کاك شێروان فەرموو وەلأمی بدەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو تەعدیلە، تەعدیلی ئەنجومەنی وەزیرانە، قانون رقم ٣ ساڵی ١٩٩٢، بەنیسبەت قانونی وەزارەتی صحە دیسان ئەو قانونە بۆمان هاتووە، کەی قانونی وەزارەتی صحەمان خوێندەوە، ئەو تەعدیلە لەوێندەرێ ئیشارەتی پێدراوە کە قانون رقم ١١یە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ماددەی هەشت دەخەمە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی هەشت پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس، بەگشتی دەنگ ماددەی هەشت پەسەند کرا، ماددەی نۆ، تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ صدوره وينشر في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ماددەی هەشت دەخەمە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی نۆ پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن

دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس، بەگشتی دەنگ ماددەکە پەسەند کرا، هەموو پرۆژەکە دەخەمە دەنگدانەوە،

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە هەموو پرۆژەکە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس، پرۆژەکە بەگشتی دەنگ پەسەند کرا، خاڵی دووەمی بڕگەی چوارەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان پرۆژەی یاسای وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێ کردنە، ئایا لیژنەی یاسایی هیچ تێبینیەکی هەیە، لەسەر تەسلسولی بەرنامەی کار، تەسلسولی بەرنامەی کار چۆن هاتۆتە خوارەوە، فەرموو.

**بەڕێز احمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیباجەکەی حازر نەکراوە، دوایی دیباجەکەی دادەڕێژینەوە، ئێستا نەسی قانونەکەتان بۆ دەخوێنینەوە،

المادة الأولى:

يقصد بالتعابير التالية المعاني المبينة ازاءها لأغراض هذا القانون:

١- الاقليم: اقليم كوردستان العراق.

٢-مجلس الوزراء: مجلس الوزراء لاقليم كوردستان العراق.

٣-الوزارة: وزارة الإعمار والاسكان.

٤-الوزير: وزير الإعمار والاسكان للاقليم.

٥-الوكيل: وكيل وزارة الإعمار والاسكان للاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی یەکەم بەسە، لەسەر ماددەی یەکەم هیچ تێبینیەکمان بۆ نەهاتووە، لەبەر ئەوە دەخەینە دەنگدانەوە یەکسەر، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی یەکەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس، بەگشتی دەنگ ماددەی یەکەم پەسەند کرا، ماددەی دووەم تکایە.

**بەڕێز احمد شریف:**

المادة الثانية:

مهام الوزارة:

١-اقتراح الخطط العامة لسياسة الإعمار والاسكان للاقليم في مجالات الإسكان والمباني والطرق (بما في ذلك طرق المرور السريع)والجسور والأنفاق.

٢-تنفيذ السياسة المقررة واقتراح الخطة السنوية والمرحلية والبعيدة المدى اللازمة لتنفيذها.

٣-القيام بالدراسات الخاصة ضمن مجال قطاع الوزارة ودراسة الجدوى الاقتصادية والفنية للمشاريع التي يتم اقتراحها ضمن خطة الوزارة.